با بچووک سەلام لە گەورە بکات، وئەوەی ڕێدەکات سەلام لەو کەسە بکات کە دانیشتووە، وکۆمەڵێکی کەمتر سەلام لە کۆمەڵێکی زۆرتر بکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «با بچووک سەلام لە گەورە بکات (لە ڕوانگەی تەمەنەوە)، وئەوەی ڕێدەکات سەلام لەو کەسە بکات کە دانیشتووە، وکۆمەڵێکی کەمتر (لە ڕوانگەی ژمارەوە) سەلام لە کۆمەڵێکی زۆرتر بکات». ولە گێڕانەوەیەکدا: «وئەو کەسەی سواریە سەلام لەو کەسە بکات کە ڕێدەکات».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە سونەت وموستەحەب ڕوونەدەکاتەوە لە ڕێزبەندی ئادابی سەلامکردن، چوار جۆری ڕووندەکرێتەوە: 1/ با بچووک سەلام لە گەورە بکات (لە ڕوانگەی تەمەنەوە) ئەمیش وەکو ڕێزلێگرتنێک. 2/ وئەوەی ڕێدەکات سەلام لەو کەسە بکات کە دانیشتووە؛ چونکە وەکو ئەوە وایە بەڕەو ڕووی بێت. 3/ وکۆمەڵێکی زۆر (لە ڕوانگەی ژمارەوە) کە فەزڵ ومافیان زیاترە لەسەر کۆمەڵێکی کەمتر، باشتر وایە کۆمەڵە کەمترەکە (لە ڕوانگە ژمارەوە) سەرەتا سەلام بکات. 4/ ئەو کەسەی سواریە جا سواری هەرشتێک بێت؛ فەزڵ ونیعمەتێکی پێبەخشراوە بۆیە بەهۆی ئەمەوە وەکو سوپاسگوزاریەک بەرامبەر ئەم نیعمەتەی خوای گەورە وسادە بوونێک پێویستە ئەو سەرەتا سەلام بکات لەو کەسەی ڕێدەکات یان دانیشتووە یان جۆری سواریەکە کەمترە لەوەی خۆی. ئەمە سونەتە بەڵام ئەگەر پێچەوانە بوویەوە بۆ نمونە ئەگەر کەسێکی گەورە سەلام بکات لە کەسێکی بچووک (لە ڕوانگەی تەمەنەوە) یان پێچەوانە بوونەوەی هەر خاڵێکی تر لەوانەی پێشوو ئەوا ئاساییە ودروستە بە تایبەت ئەگەر کەسی یەکەم ئەم سونەتانە نەزانێت یان لە بیری بچێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5352